# وەڵامی وەسێتی داهێنەرێك*

دیاری قەرەداغی

که چاوپێکەوتنیشیان لەگەڵ دەکرێ، دەڵێن قەرزاری ئەو داهێنەرەین کە ناویشی دەبەن هەموو دەڵێن باڵیۆزی شیعر و سەدای کوردانە کە دەشمرێ لە سەرقەبران و چلە و ساڵانە دەیکەین بە ڕۆژی حەشەر.

نازانم لە کوێوە ئەم قەهرە بکەمە نووسێنێك کە ناخی خۆم ڕازی بکات بەر لەوەشی توانجێك بێت بۆ ئەوانەی حوکممان دەکەن و مەحکومی سیستمێکی نا سیستم و قەراری بێ بیرکردنەوە و هەڵوێستی پەلە بین.

دەوترێ ئەوەی نەوتراوە وترا، ئەوەی نەبینراوە لای ئێمە بینرا.

لە دامێنی شاخی ئێرز لە شارەوانی (بشری) باکووری لوبنان مۆزەخانەیەکی تایبەت بە (جوبران خەلیل جوبران) کراوە و ڕۆژانە سەدان سەردانکەر دێنە ئەو مۆزەخانەیە کە تایبەتە بە هەموو بڵاوکراوەکان و مەختوتات و وێنە و کەلوپەلی ئەم نووسەرە دیارەی عەرەب، سەرجەمی ئەو داهاتەی کە پەیدا دەبێت لە ئاکامی سەردانکەران لەسەر وەسێتی جوبران دەچێتەوە بۆ هەموو ئەو خوێندکارانەی کە خەڵکی (بشری)ین و توانای ماڵییان لە تەواوکردنی خوێندن نییە.

کەچی نەشارەوانی ئەو شارە و نەحوکمڕانانی لوبنان نەیانوت ئەمە یاسایی نییە و ئەو جێگەی پێی نادرێ بۆ گۆڕەکەی و بۆ کردنەوەی مۆزەخانەی تایبەت بەو، ئەزانی بۆ؟ چونکە ئەوە بۆ (جوبران)ە جوبرانیش کەسێکی ئاسایی نییە؟

ئەدی (برێخت)ی گەورە شانۆنووسی ئەڵمانی لە کوێی بەرلین نێژراوە؟ ئایا ئەوان ماڵێکیان بۆ دروست نەکردووە و ناویان لێ نەناوە ماڵی برێخت؟

خۆ ناشێ بیتهۆڤنی گەورە میوزیسیان لە شاری بۆن هەروا پەراوێزخرابێ، بەڵکو شارەوانی ئەو شارە کردوویەتییە دیارترین جێگای سەردانکەرنی، چونکە دەزانن ئەوە چاوە گەشەکەی ئەڵمانە. نازانم چەند نموونەی تر بهێنمەوە، نازانم .

وەڵامی وەسێتێکی داهێنەر بە نەخێر و نابێت لێدانە لە شکۆی داهێنان. ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە شاعیرێکی گەورەی پڕ کۆشش هیچ جیاوازییەکی نەبێ لەگەڵ کەسە ئاساییەکانی نێو کۆمەڵ.

من قسەم لەوە نییە کە هەندێجار زۆرێك لە یاساکان کۆت و پێوەندت دەکەن و هەموو شت دەبێتە قوربانیی یاسایەکی دانراو، بۆ نموونە دەوترێ یاسا ڕێگا بەمە نادات، یان دەوترێ ناکرێ لەبەر ڕێنماییەکان .

لەپشت هەموو ئەو یاسا مەزاجیی و سنووردارانەوە کە ڕێگرە لە بەردەم دەیان خەیاڵ و پرۆژەی جوان کەچی زۆر بێباکانە هەناو و لاشەی میللەتێك دڕێنراوە بۆ بردنی نەك بە تەنها خاك و خۆڵ و پانتایی و بەرزیی و نشێوی، بگرە زمان و نەریت و سیمبولیشی دەبرێت و وەهای لێدەکرێ بە ئاستەم بیناسیتەوە و بزانی کوڕی چ میللەتێکی.

من وەسێت ناکەم لە هیچ جێگایەکی دیار و بەرچاوی ئەم خاکە بمنێژن وەك پارك و گرد و شاخ و شەقامەکان، چونکە دەشێت تا ئەو دەمەی مردنم سەرجەمی باخ و پارك و دۆڵ و گرد و شەقام ببێتە موڵکی تایبەتی، بۆیە بەپێی ڕێنماییەکان زەحمەتە گۆڕێك لە موڵکی تایبەتیدا.

* ئەم نووسینە لە هەناوی ئەو بابەتە جۆرنالیستییەی ڕۆژنامەنووس (پێشەوا محەمەد) هەڵقولاوە کە لە پاشکۆی (ئاسۆی ئەدەب)ی ژمارە 1468 ڕۆژنامەی ئاسۆ بڵاوکراوەتەوە و تێیدا شارەوانی سلێمانی وەڵامی وەسیەتنامەکەی شاعیری ناوداری کورد شێرکۆ بێکەسی داوەتەوە کە بەپێی یاسا ناتوانرێت مەزاری شێرکۆ بێکەس لە پارکی ئازادی بێت.